# ڕەواندنەوەی خورافەی عەزابی قەبر

ئێمە چەند ساڵێك پێش ئێستا بە پۆست سەلماندوومانە كە ئەوە وەهم و خورافەیە .بەڵام دیارە هێشتا خەڵكێك هەن كە خودایەكی نادادپەروەر و رقئەستوور دەپەرستن، نەك ئەو خودایەی كە خۆی بە ئێمە ناساندووە كە خودایەكە بەندەكانی خۆشدەوێت و بەقەدەری مسقاله ذەڕڕەیەك ستەم لە كەس ناكات و هەركەسیش بە پێی تەرازووی كردەوەكانی پاش حساب دەچێتە یەكێك لە ماڵەكانی دوایی.

سەرەتا لەو هەموو بەرێزانە دەپرسین ئەرێ لە هەموو كیتابی خودا شتێك هەیە بەناوی(عذاب القبر)??????

هەڵبەتە وەك خودا بەڵێنی داوە كە ئیمانمان دابت دەكات و نایچووێنێ(وما كان الله لیضیع إیمانكم)واتا هەموو روونكردنەوەیەك دەدات تا تووشی گومان و گومڕا بوون نەبین.بۆیە گەر هەبووایە ئەوا ئاماژەی پێدەكرد..ئاخر ناشێ نموونەی مێشوولەمان بۆ بهێنێتەوە كەچی ئەو مەسەلە مەصیرییە باس نەكات.

ئێستا دێینە سەر ئەو وتەیەی گوایە ژنێكی یەهوودی ئێمە و پێغەمبەرەكەمانی فێر كردووە كە عەزابی قەبر هەیە:-
-عن عائشةَ -رضي الله عنها- أن يهوديةً دخلَتْ عليها ، فذكرَتْ عذابَ القبرِ ، فقالت لها : أَعَاذَكِ اللهُ من عذابِ القبرِ . فسأَلَتْ عائشةُ -رضي الله عنها- رسولَ اللهِ ﷺ عن عذابِ القبرِ ، فقال : نعم ، عذابُ القبرِ حقٌّ . قالت عائشةُ -رضي الله عنها- : فما رأيتُ رسولَ اللهِ -ﷺ -بعدُ صلَّى صلاةً إلا تَعَوَّذَ من عذابِ القبرِ.
الراوي : عائشة أم المؤمنين | المحدث : البخاري | المصدر : صحيح البخاري
الصفحة أو الرقم: 1372 | خلاصة حكم المحدث : [صحيح
واتای گێڕانەوەكە:لە عائیشەوە- كە ژنێكی یەهوودی هاتۆتە لای و باسی عەزابی قەبری كردووەو،گوتوویەتی خودا بتپارێزێ لە سزای گۆڕ.عائیشەش لە پێغەمبەری خودای پرسیوە دەربارەی عەزابی قەبر .لە وەڵامدا فەرموویەتی:بەڵێ عەزابی قەبر حەقە.عائیشە گوتی:چیتر دوای ئەوە رەسوڵی خودام نەبینی پاش نوێژ دوعای خۆ پارێزی نەكات لە عەزابی قەبر.
براكانم خوشكەكانم من لە ئێوەی خاوەن ئیمان و عەقل دەپرسم:-
دەشێ ئەو هەموو ئایەتە مەزنە كەنار بخەین، بۆ وتەیەكی (ظني الثبوت)؟؟ كە ئەویش بەرای من كەمكردنەوەیەكی تێدایە لە شكۆی پێغەمبەری – رحمة للعالمین -،،سەیر بكەن كە عائیشە دەڵێ (((چیتر دوای ئەوە)))واتا پاش ئەوەی عائیشە وتەی ژنە یەهوودیەكەی بە گوێی پێغەمبەردا چرپاند،ئیدی ئەو - واتا پێغەمبەر- ،لەوە بەدواوە، دوای هەموو نوێژێك ئەو دوعایەی كردووە،،،بە مانای ئەوە دێت دەبێ پێغەمبەر پێش ئەو ژنە یەهوودیە ئەو عەزابی قەبرەی نەزانیبێ و، ژنە یەهوودیەكە فێری كردبێت.ئاخر ئەوە چۆن پێغەمبەرێكە ئەو مەسەلە گرنگە نەزانێ و ژنە یەهوودییەك فێری بكات- حاشا لرسول الله .

هەروەها سەیری ئەو حەدیسەش بكەن كە تیایدا دوای ئەوەی عائیشە قسەی ژنە یەهوودییەكە دەگێڕێتەوە پێغەمبەر دەفەرمووێ یەهوودیەكان درۆ دەكەن و لەهەمموو كەسیش درۆزنترن بەرامبەر بە خودا،هیچ عەزابێك نیە پێش رۆژی قیامەت..پاشان بە ماوەیەك كە دیار نیە چەندە ،رۆژێك لە ناوەڕاستی رۆژدا هاتە دەر و جلەكانی لە خۆی ئاڵاندبوو و چاوەكانی سوور ببوونەوە و بە هەموو دەنگی هاواری دەكرد دەیگوت:قەبر وەك پارچە شەوی تاریكە،ئەی خەڵكینە ئەگەر ئەوەی من دەزانم بیزانن زۆر دەگرین و كەم پێدەكەنن ،،ئەی خەڵكینە خۆتان بە خودا پەنا بدەن لە سزای گۆڕ ،چونكە سزای گۆڕ حەقە.

عن عائشةَ :أنَّ يهوديَّةً كانت تخدِمُها فلا تصنعُ عائشةُ إليها شيئًا مِن المعروفِ إلَّا قالتْ لها اليهوديَّةُ : وقاكِ اللهُ عذابَ القبرِ ، قالت : فدخلَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ عليَّ فقلتُ : يا رسولَ اللهِ هلْ للقبرِ عذابٌ قبلَ يومِ القيامةِ ؟ قال : لا ، وعمَّ ذلكَ ؟ قالت : هذهِ اليهوديَّةُ لا نصنعُ إليها شيئًا مِن المعروفِ إلَّا قالت : وقاكِ اللهُ عذابَ القبرِ ، قال : كذبَتْ يهودُ وهُم على اللهِ أكذَبُ ، لا عذابَ دونَ يومِ القيامةِ ، ثمَّ مكثَ بعدَ ذلكَ ما شاءَ اللهُ أن يمكثَ فخرجَ ذاتَ يومٍ نِصفَ النَّهارِ مُشتملًا بثَوبِهِ مُحمرَّةً عيناهُ وهوَ يُنادي بأعلَى صَوتِهِ : القبرُ كقطعِ اللَّيلِ المُظلِمِ ، أيُّها النَّاسُ لَو تعلمونَ ما أعلمُ بكَيْتُم كثيرًا وضحِكْتُم قليلًا ، أيُّها النَّاسُ استَعيذوا باللهِ مِن عذابِ القبرِ ، فإنَّ عذابَ القبرِ حقٌّ

الراوي : سعيد بن عمرو بن سعيد بن العاص |المحدث : ابن كثير |المصدر : تفسير القرآن

الصفحة أو الرقم | 7/136 :خلاصة حكم المحدث : إسناده صحيح على شرط البخاري ومسلم

بەداخەوە خاوەنی قەلبی سەلیم و عەقلی سەلیم و شوێنکەوتەی راستەقینەی پێغەمبەری مەزن وەك مانگ و رۆژ دەزانی ئەو وتەیە هەتا کوێی تەواوە و لە کوێشدا لە شکۆی پێغەمبەرەکەمان دراوە..ئاخر لە سەرەتا دەفەرمووێ یەهوودیەکان درۆ دەکەن و لە هەموو کەسیش زیاتر درۆ بە دەم خوداوە دەکەن...تۆ بڵێی لەو کاتەدا پێغەمبەر نەبووبێ یان حاشا لە رەسوڵی ئەکرەم لەو کاتە بێهۆش بووبێت و لەخۆڕا ئەو قسەیەی کردبێ{[للعلم ئەو قسەیە قورئانیش پاڵپشتی دەکات} }؟؟؟؟بەڵام نەخێر هەموو ئەوەی دواتر هەڵبەستراوە،،،تۆ دیققەت بکە چۆن رازێنراوەتەوە لە ناوەراستی رۆژدا و جلەکانی لەخۆی شەتەك داوە و چاوەکانی سوور هەڵگەڕاوەو هاوار دەکاتو .....ئەرێ توخودا ئەوەی سیرەی ئەو زاتەی خوێندبێتەوە زانیویەتی کە پێغەمبەر ئاوا شلەژاو و دەم بەهاوار ناهاوسەنگ بووبێت،،،ئەرێ ئەی بۆچی بۆ عەزابی دۆزەخی هەتا هەتایی ئەوەی نەکردووە؟؟؟؟؟؟!!!!!

خاڵێکی زۆر زۆر گرنگ لێرەدایە کە دەریدەخات یان ئەوە درۆیە یان بەڵگەکەتان بە ئایەتەکەی ئالی فیرعەون(النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا )درۆیە,ئاخر لەو حەدیسە دەڵێ ناوگۆڕ وەك شەوی ئەنگوستەچاوە،دەی ئەگەر وایە ئەو بەیانی و ئێوارەیە چۆن دروست بوو تا ئالی فیرعەونی تێدا بخرێنە ناو ئاگر؟؟؟!!!ئەو ئایەتە دواتر بە تەواوی روونی دەکەینەوە..

باشە کێتان بیری لەوە کردۆتەوە کە هەرچی هەرە کافر و ستەمکارە بە پێی ئایاتی قورئان سزای گۆڕ نابینن .باشە سزایەکی ئاوا سەخت گەر بۆ ئەوان نەبێت ،کەی مەنطقە تەنها بۆ ئێمەی سادە و ساکار بێت؟؟؟!! سەیر بکەن ئەوانەی عەزابی گۆڕ نابینن بە دەلیلی ئایات کێن:-

بە پێی ئەو ئایەتە پیرۆزانەی خوارەوە،دوژمنە هەرە گەورەکانی خودا و پێغەمبەر عەزابی قەبر نابینن.
ئەوەتا شەیتانی مەلعون و فیرعەونی خۆ بە خودازان و ستەمکارە گەورەکانی دونیا و ئەبولەهەب و ژنەکەی کە سەرسەختترین دوژمنی خودا و پێغەمبەر بوون ،عەزابی قەبریان لەسەر نیە.
چ گەمژەییەکە کە باوەڕت وابێ من و تۆی پەپوولە لە چاو ئەوان ،بێ دادگایی تا رۆژی حیساب ئازار بدرێین؟؟؟!!!
چ نەناسینێکی خودای – ارحم الراحمين –ە ، تاوانبارە هەرە گەورەکان عەفوو بن لەو عەزابە سەختە و، منێکی بێدەسەڵات سزا بدات؟؟؟!!!
چ تاوانێکە کە خودا ئاوا نادارپەروەر وێنا بکەی!!!!!
ئەوەی ئێوە دەیڵێن لەو وڵاتانەش نیە کە ناوتان ناوە(دار الكفر)، بەڵکو تەنها لە دەزگا ئەمنیە سیخوڕیەکانی وڵاتە دواکەوتووەکانی ئیسلامیدا هەیە ، کە خەڵك دادەپڵۆسن پێش ئەوەی دادگایی بکرێت.
((( شەیتان عەزابی قەبری لەسەر نیە )))
-قَالَ رَبِّ فَأَنْظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ*قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنْظَرِينَ*إِلَى يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ*الحجر36و37و38 .
(((فیرعەون عەزابی قەبری لەسەر نیە)))
-فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ*يونس 92 .
(((زاڵمە هەرە گەورەکان عەزابی قەبریان لەسەر نیە )))
-وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ*ابراهيم .42
(((ابولهب و ژنەکەی عەزابی قەبریان لەسەر نیە)))
-تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ*مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ*سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ*وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ*فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِنْ مَسَدٍ*المسد 1و2و3و4و5.
ئێستا دێین شوبهەی ئەو ئایەتەی بەرزەخیش دەرەوێنینەوە:-
لەو سێ ئایەتە خودا باسی بەرزەخی کردووە
- بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَا يَبْغِيَانِ*الرحمن 20......خودا باسی ئەو(حاجز)ە ،،دیوارە،،پەردەیە دەکات کە نایەڵێ ئاوەکان تێکەڵ بن.
- وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَحْجُورًا*الفرقان 53.هەر هەمان مەبەست باس دەکات کە ئاوەکان بە هۆی ئەو نێوانە تێکەڵ نابن.
- حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ* لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ*المؤمنون 99و100..........گەر لەو دوو ئایەتە رامێنین سەرەتا باسی یەکێکمان بۆ دەکات کە نەمردووە ومەرگ دەگاتە سەری و داوا لە خودا دەکات کە بیگێرنەوە ناو ژیان تا کاری چاکە بکات، بەڵام ئیدی وەك دیارە مەرگ مەودای کەس

نادات بگەڕێتەوە..لە ئایەتی دووەمیش هیچ ئاماژەیەك نیە كە شتێك هەبێ بە ناوی (حیاة البرزخ)بەڵكو دەفەرمووێ پەردەیەك ،،حاجزێك ،،دیوارێك لە پشتیانەوەیە،،واتا ئەوان دابڕان و گەڕانەوەیان بۆ نیە.
ئێستاش دێینە سەر ئەو ئایەتانەی كە دەلیلی قەطعین لەسەر عەزابێكی دوور لە گەورەیی خودا و قورئان وعەقل و مەنطق:-
1- هەركەسێ بمرێ دەبێتە خۆڵ (وَإِنْ تَعْجَبْ فَعَجَبٌ قَوْلُهُمْ أَإِذَا كُنَّا تُرَابًا أَإِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ وَأُولَئِكَ الْأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ*)الرعد 5......سەیر بكە كە خودا دەفەرمووێ سەیرە قسەكانیان كاتێ دەڵێن ئەرێ ئێمەی كە دەبینە خۆڵ چۆن لە نوێوە دروست دەبینەوە؟؟؟؟؟كەواتە لەناو گۆڕ جەست دەبێتە خۆڵ. هەروەها كافر كاتێ زیندوو دەكرێتەوە دەڵێ(إِنَّا أَنْذَرْنَاكُمْ عَذَابًا قَرِيبًا يَوْمَ يَنْظُرُ الْمَرْءُ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ وَيَقُولُ الْكَافِرُ يَا لَيْتَنِي كُنْتُ تُرَابًا* النبأ40)كافران دەڵێن خۆزگە خۆڵ بووینایە ،،چونكە خۆڵ گیانی لەبەردا نیە و ئازاریش ناچێژێ.
2- كاتێ كافران ڕۆژی قیامەت ئاگر دەنینن وا دەزانن كە تەنها ئێوارەیەك یان بەیانیەكەی لە دونیاوە گواستراونەتەوە بۆ قیامەت(كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوا إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَاهَا).

3- وا دەزانن كە تەنها سعاتێك ماونەتەوە(وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَنْ لَمْ يَلْبَثُوا إِلَّا سَاعَةً مِنَ النَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ*یونس 45.)

4- وا دەزانن كە تەنها سعاتێك ماونەتەوە (وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَنْ لَمْ يَلْبَثُوا إِلَّا سَاعَةً مِنَ النَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ*يَتَخَافَتُونَ بَيْنَهُمْ إِنْ لَبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا*طه 102و103.)

5- لە ڕۆژی حساب تاوانكاران سوێند دەخۆن كە تەنها سعاتێك ماونەتەوە...جا كە ئەوان وا بڵێن كە مەفڕووزە زۆرترین عەزاب دراین ،،ئەوە بەسە كە قەناعەت بكەین عەزابی قەبر وجودی نیە(وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يُقْسِمُ الْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا غَيْرَ سَاعَةٍ كَذَلِكَ كَانُوا يُؤْفَكُونَ*الروم 55.)

6- خودای مەزن بە پێغەمبەرەكەی دەفەرمووێ ئارام بگرە وەكو ڕەسولانی ئولولعەزم و پەلە مەكە ئەو ڕۆژەی ئەوەی بەڵێنیان پێدراوە دەیبینن وا دەزانن كە تەنها سعاتێك ماونەتەوە(فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُو الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ وَلَا تَسْتَعْجِلْ لَهُمْ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوا إِلَّا سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ بَلَاغٌ فَهَلْ يُهْلَكُ إِلَّا الْقَوْمُ الْفَاسِقُونَ*الأحقاف 35.)

7- بڕوانن چۆن خودا دەفەرمووێ ئەوانەی ناو گۆڕ مردوون و دواتر ژیانیان بەبەردا دەكاتەوە(وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَا رَيْبَ فِيهَا وَأَنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ مَنْ فِي الْقُبُورِ*الحج 7.)

8- چەندە ڕوون و ڕەوان دەفەرمووێ كاتێ فوو كرا بە صوور هەر هەموویان زیندوو دەكرێنەوە و كافرانیش دەڵێن ئەی هاوار كێ ئێمەی لە ڕاكشانە(رقود)ە ژیاندەوە بەڵێ ئەوەیە كە خودا و پێغەمبەران بەڵێنیان دابوو(وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُمْ مِنَ الْأَجْدَاثِ إِلَى رَبِّهِمْ يَنْسِلُونَ* قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَنْ بَعَثَنَا مِنْ مَرْقَدِنَا هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ*یس 51و52.)

ئێستاش وەك تیشكێك دەمانەوێ پێتان بڵێین كە ئەوەی دەمرێ و لە جەستە جیا دەبێتەوە نەفسە بە پێی هەموو ئایەتەكانی قورئان،ئەوەی دەخرێتە ناو گۆڕیش ئەو جەستەیەیە كە قابیل بە هەڵوەشانەوە و بوونەوە خۆڵە.بۆیە ئەو جەستەیە هیچ ژیانێكی تێدا نیە و ئەو هەموو ئایەتەی سەرەوەش شاهیدی ئەو ڕاستیەن.

لەو بەشەی پۆستەكەمان وەڵامی هەموو ئەو گومانانە دەدەینەوە كە محمد بن صالح العثيمين و هەموو سەلەفیە بەڕێزەكان دروستیان كردووە - چەكی پارێزگاری لەو دینەشمان تەنها كیتابی خودا و تێڕامانە لەو كیتابە.

1- یەكەم و گەورەترین بەناو بەڵگەی ئەوان لە قورئان ئەو ئایەتەیە كە دەفەرمووێ(النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ*غافر 46)

باشە خوشكان برایان با لەو ئایەتە دورد بینەوە...سەرەتا دەفەرمووێ ئەو خەڵكە عەرزی ئاگر دەكرێن نەك ئاگر عەرزی ئەوان بكرێ واتا نیشانی ئاگر دەدرێن!!!! هەروەها وەك بەشی دووەم نافەرمووێ بیانخەنە ناو ئاگر(أدخلوا)....هەروەها باسی

بەيانيان و ئێواران دەكات..ئايا يەكێكتان دەتوانێ بۆم بسەلمێنێ كە بەيانی و ئێوارە لە ناو قەبردا هەيە؟؟؟ ئەوەشمان لە بير بێت كە لە حەديسەكەدا پێغەمبەر فەرموويەتی ناو قەبر تاريك و تنۆكە....ئەی بەيەنی ئێوارە چۆن دروست دەبێ؟؟؟!!!

ئازيزانم ئەو ئايەتە دەفەرمووێ ئالی فيرعەون بە ئاگر دەناسێنرێن، واتا بە بەرپرسانی ئاگر دەناسێنرێن، تا لە رۆژی دوايی بخرێنە ناو توندترين سزا....كەس نەڵێ كوا لێرە خۆ باسی بەرپرسانی ئاگر نەكراوە تۆ لە كوێت هێنا؟؟!! لە وەڵام دەڵێين ئەوە سياقی ئايەت پێمان دەڵێ، چونكە ئاگر غەيرە عاقلە و هەر دەبێ نيشاندانەكە بۆ بەرپرسانی ئاگر بێت..ئەوەتا نموونەی هاوشێوەی ئەومان هەيە كە دەفەرمووێ(وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا وَالْعِيرَ الَّتِي أَقْبَلْنَا فِيهَا وَإِنَّا لَصَادِقُونَ*يوسف 82)سەير بكەن لێرە نە گوند پرسيار وەڵام دەداتەوە نە كاروانيش بەڵكو ئايەتەكە نيازی ئەوەيە كە پرسيار لە خەڵكی گوندەكە و خەڵكی كاروانەكە بكەن.

2- دووەم بەڵگەيان ئەو ئايەتەيە(...... وَلَوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ وَالْمَلَائِكَةُ بَاسِطُو أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوا أَنْفُسَكُمُ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنْتُمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ وَكُنْتُمْ عَنْ آيَاتِهِ تَسْتَكْبِرُونَ*الأنعام 93)

ئەو ئايەتەش لە چاوی خۆر روونترە و، ئەگەر كەسێك پێداگری لەسەر بكات ،ئەوا تەحريفچييە ودەيەوێ قورئان تەحريف بكات،ئايەتكە باسی غەمەراتی مەرگ دەكات ،واتا ئەو كاتەی كە گيانيان دەكێشرێ و لەو كاتەدا مەلائيكە بە ئازاردانێكی زۆرەوە دەڵێن: نەفسەكانتان تەسليم بكەن و ئەوە ئەو رۆژەيە كە ئيهانە دەكرێن...ئەرێ ئەو ئايەتە چ پەيوەندی بە ناو قەبرەوە هەبوو .دەتوانن بچن تەماشای (التفسير الميسر)بكەن.

ئەوانە عوزريان لە قەباحەتيان مەزنترە كە دەڵێن (اليوم)دەيسەلمێنێ كە نيازی ئايەتەكە ئەوەيە كە پاش گيان دەرچوونيان دەخرێنە عەزابی ئاگر ..ئەگەرچی ئەو عوزرە شايانی وەڵامدانەوە نيە ،بەڵام سەيری نموونەی قورئانی بكەن كە خودا دوو شتی جياواز و بێ فاصيلەش دەهێنێ(وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنْتَ مِنْهُ تَحِيدُ* وَنُفِخَ فِي الصُّورِ ذَلِكَ يَوْمُ الْوَعِيدِ* وَجَاءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَعَهَا سَائِقٌ وَشَهِيدٌ*ق 19و20 21)دەی ببينن چۆن لەسەرە مەرگەوە بۆ نەفخی صوور و مەيدانی مەحشەر هەمووی لە دوای يەك هاتوون بێ مەودا((بۆ كەسێ بيەوێ تێبگا.))

3- ديسانەوە دەڵێن ئەوانەی نەخراونەتە گوڕيش سزا دەدرێن و ئەو ئايەتە دەكەنە دەليل(مِمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُوا فَأُدْخِلُوا نَارًا فَلَمْ يَجِدُوا لَهُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْصَارًا*نوح 25)

لەوەشيان غەدريان لە خۆيان و لە كيتابی خوداش كردووە،ئاخر ئايەتەكە دەفەرمووێ بەهۆی تاوانەكانيان غەرقمان كردن و كرانە ناو ئاگرێك، واتا يەكسەر ...دەی باشە هەر خودی ئاگرەكە نەناسراوە(نكرة)يە نەك ئەو ئاگرە ناسراوەی لە ئايەتەكانی تر هاتووە...بەڵێ هەر دوای تۆفانەكە ئاگرێك دروست بوو و هەموو لاشە بۆگەنەكانی لە ناو برد تا بۆن و نەخۆشی دروست نەبێت...............ئەرێ با بپرسم ئەگەر لاشەيەك لە ناو گۆڕ نەبێت و وەك دەڵێن رووحەكەی عەزاب دەدرێ ،،باشە رووح خۆ قەبارەی نيە و چۆن گۆڕەو شار دەدرێ و شيری لە مەمكی دايكی خواردووە لە لووتی دێتە دەر؟؟؟(((بەداخەوە ئێوە لە رووحيش نەگەيشتوونە)))).

4- خودا لە قورئان ئاماژەی بەوە داوە كە سيجلی مردووان داناخرێ و كارێكی چاكەی كە بەردەوامە دوای خۆيان ئەوا بەردەوام دەچێتە سەر تەرازووی چاكەكانيان(إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ*يس 12)

باشە دەشێ كابرايەك بەردەوام چاكە بكات وەك ئەوەی پێغەمبەريش دەفەرمووێ(زانستێكی جێهێشتبێ كە خەڵك بەردەوام سوودی لێ ببينن ،يان خێراتێكی كردبێ و بەردەوام خەڵك بەكاری بهێنن ،يان منداڵێكی صاڵحی سووبەخش بە خەڵكی جێهێشتبێ)....باشە ئەی ئەگەر تا رۆژی قيامەت خێرو چاكەی زۆر لەوە زياتری كرد كە تاوانبار بێت ،،كابرا حەقی خۆی نيە بپرسێ ئەرێ ئێوە بۆ منێكی كە كردەوە و چاكەم بەردەوام بوو عەزابدا؟؟؟ئەی ئەوە نيە من چاكەكانم زۆر زۆرترن لەوەی بسووتێنرێم؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟!!!!!!!!!!!!!!!

ئەوەش كۆمەڵێك ئاياتی روون و موبين كە دەيسەلمێنن سەرەتای سزا و پاداشت دوای زيندوو بوونەوە و حساب و كيتابە:-

1- وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ.(47)الأنبياء.

2- وَلَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ مَا فِي الْأَرْضِ لَافْتَدَتْ بِهِ وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ(54).يونس.

3- إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا وَعْدَ اللَّهِ حَقًّا إِنَّهُ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ بِالْقِسْطِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ شَرَابٌ مِنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ(4).يونس.

4- خَاشِعَةً أَبْصَارُهُمْ تَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ ذَلِكَ الْيَوْمُ الَّذِي كَانُوا يُوعَدُونَ (44)المعارج.

5- فَالْيَوْمَ لَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَلَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(54.(

6- إِنَّ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ الْيَوْمَ فِي شُغُلٍ فَاكِهُونَ (55)يس.

7- وَامْتَازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ (59)يس.

8- اصْلَوْهَا الْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ (64)يس.

9- وَتَرَى كُلَّ أُمَّةٍ جَاثِيَةً كُلُّ أُمَّةٍ تُدْعَى إِلَى كِتَابِهَا الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (28)الجاثية.

10- وَقِيلَ الْيَوْمَ نَنسَاكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَذَا وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُمْ مِنْ نَاصِرِينَ(34) الجاثية.

11- يَاأَيُّهَا الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَعْتَذِرُوا الْيَوْمَ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(7) التحريم.

12- الْيَوْمَ تُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ لَا ظُلْمَ الْيَوْمَ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ (17)غافر.

13- إِنِّي جَزَيْتُهُمُ الْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوا أَنَّهُمْ هُمُ الْفَائِزُونَ (111)المؤمنون

14- يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَى نُورُهُمْ بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ(12)الحديد .

15- وَالْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ فَمَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ(8) الأعراف.

ئەوەندە بەسە بۆ کەسێ بیەوێ تێبگات